# ئایین نامەی

# پێشمەرگە

ئامادە کراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
پەسند کراوی دەفتەری سیاسی

خەرمانانی ١٣٦٥





## سەرەتا

پێشمەرگە قارەمانەکان !

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران !

ئایین نامەی پێشمەرگە لە بانەمەری ١٣٦٢ لە لایەن کۆمیسیۆنی پێشمەرگەوە ئامادە ودەفتەری سیاسی پەسندی کرد بوو . بۆئەوەی ئەو ئایین نامەیە لە باری نێوەرۆکەوە رێك و پێکتر بێ ، کۆمیسیۆنی پێشمەرگە لە نێوان کۆنگرەی شەشەم و حەوتەمدا ، رای گەیاند بووکە رەخنەو پێشنیاری بەجێ لە ئایین نامە بگیرێ و بدرێ بە کۆمیسیۆن ، بەلام چون رەخنە و پێشنیارەکان جوزئی بوون و گۆرانێکی بە سەر ئایین نامەدا نەدەهێنا ، کۆمیسیۆنی پێشمەرگە لە گۆرینی خالەکانی ئایین نامە خۆی پاراستبوو و دوبارە

هەواڵنامەی کتێب





هەمان ئایین نامەی هەروەک پێشوو پەسند و لە گەلاوێژی ١٣٦٤ دا بڵاوی کرد بووە .

دوای پێک هاتنی کۆنگرەی حەوتەم و بوونی دوو کۆمیسیۆنی "تەشکیلات" و "پێشمەرگە" بە کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی ، کۆمیسیۆن بڕیاری دا جارێکی دیکە ئایین نامە بخاتەوە بەر باس و بە پێی هەل و مەرجی ئێستای شۆڕشەکەمان ، ئاڵ و گۆڕی پێویستی تێدا پێک بێنێ .

ئەو ئایین نامەیە کە ئێستا لە بەر دەستتان دایە ، ئامادە کراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی و پەسند کراوی دەفتەری سیاسییە . دەفتەری سیاسی و کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی چاوەڕوانی بە جێ گەیاندن و بەڕێوە بردنی ئەو ئایین نامەیە لە لایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی

هەواڵنامەی کتێب





حیزبەکەمان .

## کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

## خەرمانانی ١٣٦٥

×××××××××××××××××××××××

هەواڵنامەی کتێب

## فەسڵی یەکەم ـ تەعریفەکان :

١ ـ پێشمەرگە : شۆڕشگێڕێکی چەکدارە کە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی حیزب و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی جوولانەوەی میللی دیموکراتی گەلی کورد خەبات دەکا .

٢ ـ فەرماندەر : پێشمەرگەیەکە بە پێی لێوەشاوەیی و کارامەیی و پسپۆڕی ، بەرپرسایەتی دەدرێتێ .

٣ ـ ئینزبات : زنجیرە قاعیدە و قەرار و زەبت و ڕەبتێکە کە پێوەندی نێوان پێشمەرگە ، هەروەها شێوەی ڕەفتار و کردەوەی پێشمەرگە لە نێو حیزب و کۆمەڵ دا دیاری دەکا .

٤ ـ دیدەبان : پێشمەرگەیەکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو چاوەدێری ناوچە یان شوێنێکی پێ دەسپێردرێ .

هەواڵنامەی کتێب





٥ ــ نیگابان : پێشمەرگەیەکە بــــــۆ
ماوەیەکی دیاری کراو بەرپرسایەتی پاراستنــــی
کەسێك یا کەسانیك ، یان ماڵ و سامانـــــی
جیزب ، یان جێگایەکی دیاری کراوی پـــــێ
دەسپێردری •

٦ ــ پەیام : مەبەستێنە کە بە قسە یان بــــە
نووسراوە لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەیان
لە ئورگانیکەوە بـــۆ ئورگانێکـــی دیکە دەنێرد رێ •

٧ ــ پەیام بەر : پێشمەرگەیەکە کە ئەرکـــــی
گەیاندنـــی پەیامـــی لە ئەستۆیە •

٨ ــ رابیت : پێشمەرگەیەکە کەپێوەنـــــدی
نێوان پێشمەرگەکان لە حالی رویشتن دا پێـــــك
دێنێ •

٩ ــ دیدەوەر ( پێشەنگ ) : پێشمەرگەیەکـە
کە بۆ تاقی کردنەوە و شناسایی ناوچەیەك لـــــە
پێشریان لەم لا ولای دەستەیەك پێشمەرگــــــە
دەروا •

هەواڵنامەی کتێب





١٠ ــ مەئموویەت : ئەرکێکە کە ئەنجام دانی لە لایەن بەرپرسێك یان ئورگانێکی سەرەوتر بـــە کەسێك یان بــە بەشێك دەسپێرد رێ •

فەسلی دووهەم ــ شێوەی وەرگرتنی پێشمەرگە :

---

ئەلف ــ مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگە

ئەو کەســە

---

بە پێشمەرگە وەردەگیرێ کــە :

١ ــ ئامانجەکانی حیزبی قەبوول کرد بـــێ و پێرەوی لە بریارەکانـــی حیزب بکا •

٢ــ لانی کەم دوو کەس لە ئەندامانی حیــزب بیناسێنن •

٣ ــ لە باری جیسمی و لەش ساغی یەوە توانای ئەنجامی خەباتی چەکدارانەی هەبێ •

٤ ــ تەمەنی گەیشتبیتە ١٦ ساڵ •

٥ ــ ئاکار و خوو و رەوشتی باش بێ •

٦ ــ موعتاد بە مەشروب و مواد ی مخدر نەبێ •

## ب ـ چۆنیەتی قەبووڵ کردنی پێشمەرگە

١ ـ ئەوانەی دەیانهەوێ ببن بە پێشمەرگە دەبێ خۆیان بە یەکێك لە ئورگانەکانی حیزبی بناسێنن و ئامادەیی خۆیان رابگەیەنن .

٢ ـ ئەو کەسانە بە هۆی ئورگانەکانی حیزبی یەوە بە کومیتەی شارستان یان هێز دەناسێندرێن .

٣ ـ بە شێوەی وت وێژ یان بە شێوەی نووسراوە داخوازەکان تاقی دەکرێنەوە .

٤ ـ دوای سەرکەوتن لە تاقی کردنەوە و پڕ کردنەوەی بەرگی پێویست ، بۆ فێر بوون و رێکخستن ( سازماندەهی ) دەنێردرێنە فێرگەی حیزب .

## فەسلی سێهەم ـ تەشویق و سزادان :

رێزدانان و سزادان بۆ ئیسلاح و چاك

کردنە . دۆستایەتی ، فەرق و جیا وازیو تۆڵە ئەستاندنەوە و رق و غەرەز نابێ تێکەڵ بەم کارە بکرێ .

ئەلف ـ جۆرەکانی تەشویق کردن :

١ ـ تەشویق بە گوتن

٢ ـ تەشویق بە نووسراوە

٣ ـ گۆڕینی چەك بە چەکی باشتر یان پێتی ئەسپاردنی چەك

٤ ـ دانی مەرەخەسی

ب ـ جۆرەکانی سزادان :

سزادانی ئینزیباتی :

١ ـ سەرکۆنە بە دەم

٢ ـ سەرکۆنە بە نووسراوە

٣ ـ راگەیاندنی ئەم سەرکۆنەیە لە هێز و بنکەکان دا .

هەواڵنامەی کتێب

٤ ــ چاک کردن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو

٥ ــ دەست بەسەر کردن

سزادان لە دادگادا :

١ ــ دەرکردن

٢ ــ زیندانی کردن

٣ ــ ئیعدام

بەرپرسایەتی و دەسەڵات لە تەشویق و سزادان دا :

---

چوارچێوەی دەسەڵات و بەرپرسایەتی بۆ سزادان و تەشویق لە نێو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بەم جۆرەیە :

١ ــ دەسەڵات لە باری تەشویقەکانەوە

---

ئەلف ــ دەسەڵاتی فەرماندەری عێز :

ــ تەشویق بە گوتن

ــ تەشویق بە نووسراوە

ــ تەشویق بە مەرەخەسی

ب ــ دەسەلاتــی هەیئەتی ئیجرایی :

ــ پێ ئەسپاردنی چەك وەك خەلات

تێبینی : ئەو چەکەی کە وەك خەلات دەدری لە هەر حالّ دا نابێتە مالی شەخسی و هەر بە مالّــی حــیــزب دەژمێــردری .

٢ ــ دەسەلاتلە باری سزادانەوە

ئەلـــف ــ دەسەلاتی هێز :

| چەشنی ســزا | لەلایان |
|---|---|
| سەرکۆنە بەدەم | سەرپەل |
| سەرکۆنە بەنووسراوە | سەرلك |
| راگەیاندنی سەرکۆنە لە هێزدا | فەرماندەری هێز |
| چەك کردن بۆ ماوەیەك | فەرماندەری هێز |

فەرماندەری سەرەوەتر دەتوانێ دەسەلاتــی

هەواڵنامەی کتێب

خـوی بدا بە بەرپرسانی لە خوی خوارەوەتر

ب ـ دەسەلاتـی هەیئەتی ئیجرایـی :

ـ لە ژیـر چـاوەد یـری گرتن

ـ دەرکـردن

ـ زیندانی کردن

تی بینی ١ : ئورگانی سەرەوەتر دیارە هەمیشە دەسەلاتی ئورگانی خوارەوەتری هەیە .

تی بینی ٢ : بە جی گەیاندنی حوکمـی ئیعدام دەبـی بە موافقەتی دەفتەری سیاسـی بـی .

تی بینی ٣ : ئەگەر سزای بەندی " ئەلـف " جاریك لە بارەی پیشمەرگەیەك دا بەریوە چـوو ، بەلام ئەم پیشمەرگەیە سەر لە نوی کارە هەلەکـەی دووپاتە کردەوە ، سزادان بو دووەمین جـار دەدری بـە هەیئەتـی ئیجرایی .

تەشویقات و ئافەریـن لـی کردن

هەواڵنامەی کتێب

بە چەشنێکی گشتی هەوڵ و کۆشش بۆ لە بەر چاو گرتن و بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی حیزبی و ئایین نامەی پێشمەرگە و بردنە سەری پرستیژی حیزب لە کۆمەڵ دا ، هەروەها ئەنجامی کاری ئازایانە یا زیاتر لە ئەرکی ئاسایی پێشمەرگە دەبێ لەپێش‌دا لە لایەن بەرپرسانەوە ڕاپۆرت بدرێ و لە پەروەندەدا تۆمار بکرێ. پاشان لە سنووری دەسەڵاتدا پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ تا ببێتە سەرمەشق بۆ ئەوانی دیکە.

کردەوەی جێگای تەشویق :

---

١ ـ پاك و خاوێنی لە ژیانی ڕۆژانەدا

٢ ـ هەوڵدان بۆ باشتر فێر بوونی شەڕ و بردنە سەری پلەی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٣ ـ بەڕێوە بردنی ئینزیبات و ڕەفتاری باش لە گەڵ هاوڕێیان و لە گەڵ خەڵك و پاراستنی شەخسیەتی پێشمەرگە.

هەواڵنامەی کتێب

٤ ــ بردنی سیاسەتی حیزب بۆ نێو خەڵك و روون کردنەوەی خەڵك .

٥ ــ دڵسۆزی بۆ کەل و پەل و سەرمایەی حیزب .

٦ ــ نیگابانی ، دیدەبانی ، دیدەوەری ، پەیام بەری و بەگشتی بەڕێوە بردنی ئەرکی پێسپێرد را و بە وریایی و وشیاریەوە .

٧ ــ فیداکاری و لە خۆبوردوویی یەك کە ببێتە هۆی سەرکەوتن لە شەڕێك دا یان دەسکەوتێکی باش یان شکانی ئاڵقەی گەماڕۆی دوژمن و رزگار کردنی هاوسەنگەرەکانی .

٨ ــ رزگار کردنی بریندارەکان و لەبەکار کەوتووەکان لە ناوچەی شەڕ و راگوێزتنیان بۆ جێگایەکی ئەمن .

٩ ــ راکردن لە زیندانی دوژمن و هاتنەوە نێو ریزی تێکۆشەران و یارمەتی دانی هاورێیانی زیندانی بۆ راکردن .

١٠ ــ راستی ، شەرافەت و پاراستنـــی ئەمانەت ، لە قاودانی خەیانەت و پیلانەکانـــی دوژمـــن •

ئەو تاوانانەی لە هێزدا لێیان دەکۆلدرێتـەوە و سزاکەیان لایەنـــی ئینزیباتی عەیە :

---

١ ــ جەفەنگ و گاڵتەی سووك ،گوتنی قسـەی ناشیرین دەرهەق بە هاوڕێیان و بە خەڵك بـــە جۆرێك کە شیاوی پێشمەرگە نەبـێ •

٢ ــ لە بەرکردنی جۆرە لیباسێك کە لـــــە ناوچەکان دا خەڵك پەسندی ناکا یان لـــــە ناوچەی شەڕ دا نەزم و ئینزیباتی خۆداپۆشیـــن و حەشاردان تێك بـدا •

٣ ــ خراپکردن و حەیف و مەیل ،شکاندن و خاوێن رانەگرتنی چەك ( ئەو عەیبانەی لـــە کاتی مەئمووریەت دا لە چەکەکان دا پەیدا دەبـن دەبـێ خێرا راپۆرت بدرێن ) •

٤ ــ دانانی چەك و چۆڵ بە جۆرێك كــــە دەستی پێ ڕانەگــا ( چەك و تەفەمەنی لە كاتــی وچان دا دەبــێ بە جۆرێك دابنرێ كە لە كاتــی پێویست دا پیشمەرگە بتوانێ لە ماوەیەكی كەم دا دەستــی پــێ رابگا ) •

٥ ــ تەمبەڵی، كەمتەرخەمی ، كەم كـــاری و رێك و پێك نەبوون لە مەئمووریەتی حیزبـــی دا و هەست بە بەرپرسایەتی نەكردن •

٦ ــ كەڵكی خراپ وەرگرتن لە چەك و بەڵگە و كەرەستەی حیزبی بــە قازانجی شەخســــــی و خەروەعا ون كردنــی كارت و بەڵگەی حیزبی •

٧ ــ لە بەر چاو نەگرتنی نەزم و قانوونــــــی بنكــە •

٨ ــ بوونە هۆی شەڕ و كێشە و ساز بوونــــی ناكۆكــــی لە نێوان هاورێیان دا •

٩ ــ سەرخۆش بوون بە شێوەیەك كە زیـــان لە بایەخ و ئیعتباری حیزب بدا و شوێنـــــی

خراپ لە سەر ئەنجامی مەئمووریەت دابنێ یان دەردی سەر بۆ حەڵك پێك بێنێ .

١٠ ـ تێك دانی نەزمی كۆبوونەوەكان و پێ شێل كردنی مافی ئەوانی دیكە لە قسە كردن دا .

١١ ـ لە بەرچاو نەگرتنی ئوسوولی راگرتنی چەك ( چەك و نارنجۆك دەبێ هەمیشە زامن بكرێ ، فیشەك لە نێو لوولەی چەك دانەنێ مەگەر لە كاتی مەئموورییەت دا ، لە كاتی تاقی كردنەوەشدا لوولەی تفەنگ دەبێ رووی لە سەرەوە بێ .

١٢ ـ چەك هەڵگرتن بێ فیشەك و خەشاب .

١٣ ـ وەدرەنگ كەوتنی بێ دەلیل لە مەرەخەسی تا ٤٨ سەعات .

١٤ ـ لە بەرچاو نەگرتنی پاك و خاوێنی و ئوسوولی تەندروستی خۆی و بنكە .

١٥ ـ لە بەرچاو نەگرتنی " سلسلە

مراتب " ی فەرماندەری •

١٦ ــ لە نێو بردن و دەست بە سەر داگرتنی کەل و پەلی زیندانی بە قازانجی شەخسی •

ئەو تاوان و سزایانەی لە هەیئەتی ئیجرایی یان لە ئورگانی سەرەوەتــر دا لێی دەکۆڵدرێتەوە :

---

١٧ ــ سەودا وکرین و فروشتن بە تایبەتــی هی چەك وچۆڵ یــان گۆرینەوەی چەك بە هەر شێوەیەك •

١٨ ــ هاندانی پێشمەرگەكانی دیكە بــنــۆ پەیـرەوی نەكردن لە دەستووراتی حیزبــــی و ئینزیباتی هێـز •

١٩ ــ دەرخستنی نهێنییەكانی حیزبی •

٢٠ ــ پێوەندی گرتن لە گەڵ دوژمـــــن و موخالیفەكانی حیزب بێ ئیجازە •

٢١ ــ بە چەك هەرەشە كردن ، چ بە گاڵتــە بێ چ بــە راســت •

هەواڵنامەی کتێب

٢٢ ـ دڕەنگ هاتنەوە لە مەرەخەسی لە ٤٨ سەعات را هەتا دە ڕۆژ ( دڕەنگ هاتنەوە بێجگە لەوە کە سزای هەیە ، ماوەکەشی دەخرێتە سەر مەرەخەسی سالانە ) .

٢٣ ـ ئازار و ئەشکەنجە کردنی ئەسیر و زیندانی بە گشتی .

٢٤ ـ بەجێ هێشتنی جێگای پۆست و نیگا ـ بانی لە جەبهە و ناوچەی شەڕ یا لە پشتی جەبهەدا بێ ئیجازە .

٢٥ ـ بەرتیل و دەست خۆشانە وەرگرتن ، دزی بە شێوەی چەکداری و کاسبی بە شێوەیەك کە پرستیژی حیزب بێنێتە خوارێ .

٢٦ ـ بەهەڵاتن دانی زیندانی و یارمەتی دان بە ڕاکردنی .

٢٧ ـ ڕاکردن بە گشتی لە پێشمەرگایەتی .

٢٨ ـ وەدرەنگ خستن یا ون کردنی پەیام بە ئانقەست یا دانی پەیام بە کەسێکی

د یکە .

فەسلی چوارەم ــ مەرەخەســی :

بە گشتی مەرەخەسی بۆحەسانەوە یان بــۆ راگەیشتن بە کار و باری شەخسی و خاو خێزان و چارەسەر کردنــی گیر و گرفتی تایبەتی لە لایــەن بەرپرسانەوە بە پێشمەرگە دەدرێ .

کاتێك مەرەخەسی دەدرێ پێویستە وەزعــی دوژمن لە ناوچە، و ئەمــن و نائەمن بوونـــی رێگاکانی هاتوچۆ و بە تێکرایــی ئەمینی گیانــی پێشمەرگە لە بەرچاو بگیرێ و ئەگەر هەست بەوەکرا کە پێشمەرگە لە کاتی مەرەخەسی دا گیانـــی دەکەوێتە مەترسی ، نابی مەرەخەسی بدرێتێ .

مەرەخەسی ســێ جورە :

ئەلف ــ مەرەخەسی ئاسایی

ب ــ مەرەخەسی بۆکــار

ج ـ مەرەخەسی تەشویقی

ئەلف ـ مەرەخەسی ئاسایی :

هەموو پێشمەرگەیەك دەتوانێ لە ساڵ دا لانی زۆر چل و پێنج رۆژ بە پێی جەدوەلی خوارەوە مەرەخەسی ئاسایی وەرگرێ ، جا دەتوانـــــێ هەموو چل و پێنج رۆژەکە لە سەریەا وەرگرێ یان تێوە نیوە .

| — | پێشمەرگە | سەرپەل | سەرلک | کادری لک | جێگری هێز | فەرماندەری هێز | — |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرپەل | ٥ | — | — | — | — | — | — |
| سەرلک | ١٥ | ٥ | — | — | — | — | پێشنیاری سەرپەل |
| فەرماندەری هێز | ٣٠ | ١٠ | — | — | — | — | پێشنیاری سەرلک |
| کومیتەی شارستان | ٤٥ | ٤٥ | ٤٥ | ٢٥ | ٤٥ | - | پێشنیاری هێز |

هەواڵنامەی کێبڕ

تێبینی ۱ : هەموو مەرەخەسی یەك دەبێ بە ئۆرگان یان فەرماندەری سەرەوەتری رابگەیەندرێ .

تێبینی ۲ : لە کاتی نەبوونی فەرماندەرەکاندا جێگرەکان دەتوانن ئەو مەرەخەسی یە بدەن .

تێبینی ۳ : جێگری هێز بە پێشنیـــــاری فەرماندەری هێز ومووافقەتی کومیتەی شارستـــان مەرەخەسی پێ دەدرێ ، دیارە کۆمیسیۆنـــــی سیاسی ـ نیزامی ش ئاگادار دەکرێتەوە .

تێبینی ٤ : فەرماندەری هێز لە سەرپێشنیاری کومیتەی شارستان ومووافقەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ، مەرەخەسی پـێ دەدرێ .

ب ـ مەرەخەسی بۆکـــار :

---

پێشمەرگە بە گوێرەی وەزعی خاو وخێزانـــی خۆی دەتوانێ بێجگە لە مەرەخەسی ئاسایـــی خۆی ، لە ساڵ دا تا مانگ ونیوێك مەرەخەسی کار بە بێ یارمەتی لە کومیتەی شارستان وەرگرێ .

ج ـ مەرەخەسی تەشویقی :

فەرماندەری هێز دەتوانێ پێشمەرگەیەك بە دانی مەرەخەسی ( لانی زۆر تا ١٥ رۆژ) تەشویق بکا .

تێبینی ١ : بۆپاراستنی توانایی شەر ، نابێ لە یەك کات دا ژمارەی پێشمەرگەی نارد راو بۆ مەرەخەسی لە ٢٠ ٪ ( $\frac{1}{5}$ ) ی هەموو پێشمەرگەکان زیاتر و ژمارەی بەرپرسانی لە حالی مەرەخەسی دا لە ١٠ ٪ ی هەمووپێشمەرگە و بەرپرسانی پێشمەرگە زیاتر بێ .

تێبینی ٢ : لە کاتی ئامادە باشی دا تەواوی مەرەخەسی یەکان هەڵدەوشێنەوە ، مەگەر حالەتی زۆر تایبەتی هەبێ کە دیاری کردنی بە فەرماندەری هێزە .

فەسلی پێنجەم ـ نەقل :

١ ـ نەقلی پێشمەرگە لە پەلێك بۆ پەلێکی دیکە ( لە نێو لك دا ) بە داخوازی پێشمەرگە و موافەقەتی سەرپەلەکان ، لە دەسەلاتی سەرلك دایە .

٢ ـ راگوێزتنی پێشمەرگە ، لە لکێك بۆ لکێکی دی بە هاوئاهەنگی سەرلکەکان و موافەقەتی فەرماندەری هێز دەبێ ئەنجام بدرێ .

٣ ـ راگوێزتنی پێشمەرگە لە هێزێك بۆ هێزێکی دیکە را دەبێ بە موافەقەتی هەیئەتی ئیجرایی بێ .

٤ ـ لە هەموو راگوێزتنێك دا پێشمەرگە دەبێ بەرگی " پاکانە حیساب " ی لە بەشی پێشوو وەرگرێ و بیدا بەو بەشەی کە دەیهەوێ خزمەتی لێ بکا .

٥ ـ پێشمەرگەی نەقل کراو چەك وتەقەمەنی لەگەڵ خۆی نابا ، مەگەر بە رەزایەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی .

٦ ـ نەقلی بەرپرسانی نیزامی پێشمەرگە لە هێزێکەوە بۆ هێزێکی دیکە دەبێ بە ئاگاداری کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بێ .

فەسڵی شەشەم ـ "سلیسلە مراتب"ی فەرماندەری :

---

ئەلف : بۆ بەرێوە بردنی دروست و بە جێی ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی و هەروەها پێشگیری لە بێ نەزمی ، چۆنیەتی پێوەندی نیداری و فەرماندەری ، لە خوارەوە بۆ سەرێ بەم جۆرەیە :

پێشمەرگە ـ سەرپەل ـ سەرلك ـ فەرماندەری هێز ( بەرپرسی نیزامی کومیتەی شارستان ) ـ کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ـ دەفتەری سیاسی ( کومیتەی ناوەندی ) .

ب : دیاری کردنی بەرپرسانی پێشمەرگە بە شێوەی خوارەوەیە :

١ ـ هەلبژاردنی سەرپەل بە پێی

پێشنیاری سەرلك و پەسندی فەرماندەری هێزە •

٢ ــ هەڵبژاردنی سەرلك بە پێی پێشنیاری فەرماندەری هێز و پەسندی هەیئەتی ئیجرایـــی کومیتەی شارستانە •

٣ ــ هەڵبژاردنــی جێگری فەرماندەری هێــز بە پێی پێشنیاری فەرماندەری هێز و کومیتـــــەی شارستان و پەسندی کومیسیونی سیاســـــی ــ نیزامـــیـیــە •

٤ ــ هەڵبژاردنی فەرماندەری هێز بە پێـــی پێشنیاری کومیسیونی سیاسی ــ نیزامی وپەسندی دەفتەری سیاسی یـە •

ج : لە ئەنجامدانی عەمەلیاتدا دەبێ ئـــەم حاڵانە وەبەرچاو بگیرێن :

١ ــ بێجگە لەو مەئمووریەتانەی لە لایــــەن ئورگان و فەرماندەرانی سەرەوەتر بۆ واحیدێـــك دیاری دەکرێ ، فەرماندەری واحید بـــــە سەلاحییەت و مەسئوولیەتی خۆی دەتوانـــــی

عەمەلیات ئەنجام بدا .

٢ ـ ئەگەر عەمەلیاتێك ڕەنگ دانەوەیەکی گرنگی سیاسی هەبێ دەبێ لە پێشدا لە عەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستان دا باسی بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ ، یان لانی کەم فەرماندەری هێز لەگەڵ بەرپرسی کومیتەی شارستان مەشوەرەت بکا .

٣ ـ ئەگەر فەرماندەری هێز لە عەمەلیات دا بەشدار بوو ، ڕاگەیاندنی دەستوور هەم بە زمان دەبێ هەم بە نووسراوە بەڵام ئەگەر فەرماندەر لە عەمەلیات دا بەشدار نەبوو ، دەستووری ئەنجام دانی مەئموورییەت بەلگەکان دەبێ بە نووسراوە بێ . ئەم شێوەیە دەبێ لە لکیش را بسۆپەل بەرێوە بچێ .

XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXX

هەوڵنامەی کتێب

باسی پێشمەرگ

بە پێتی گەدار

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لە بڵاوکراوەکانی

کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ح . د . ک . ئ